بارام بەیزایی

# هەردەوێڵ

وەرگێڕ: عەبدوڵڵـا راشدی

- **هەتاوو بەرینایی چۆڵگە.** گەنجێکی زانیار بێجووڵە، چوار میلکە دانیشتووە. لە تەنیشتیا دارێک و کانی و ئاوێک. لە دوورەوە شارێکی وێران و پانایی ئاسۆ. لە کاوانەوە دوو سوار بە چوار ناڵ دێن. برژاوی گەرمە بای چۆڵگە و تینی تاو نزیک ئەبنەوە. ئەگەن بە کانی و لە حەیوەت توونیەتی حیلاندنی چارەواکان. سەریان هەڵدێنن. هەناسەیەکی قووڵ دەکێشن و دیسان ئاو ئەخۆنەوە. بەرە بەرە تێر ئاو ئەبن. یەکێکیان لە خۆشییانا پێدەکەنێ و دووهەمیان دەسرەیەک تەڕ ئەکات و بە ملی خۆیدا ئەهێنێ. هەوەڵ کەس تاوێ لە سەر عەرز رادەکشێ و خۆ دەکێشێتەوە و قاقا پێدەکەنێ. دووهەم کەس بە پێکەنینێکی پڕ مانا وەڵامی ئەداتەوە.

هەوەڵ کەس: چ رۆژێ- لە رۆژێ وەهادا چتدەوێ؟

دووهەم کەس: بزانم لە کوێ دەمرم و چلۆن دەمرم( هەوەڵ کەس پێدەکەنێ و مستێ ئاوی پێدا دەکات)

هەوەڵ کەس: گەمژە.

( دووهەم کەس گاڵتە بە گاڵتە وەڵام ئەداتەوە و دەم بە پێکەنین هەڵدەستێ و بەرەو ئاسۆ هەنگاو دەنێ- ئەو رێگەی کە لێیەوە هاتوون تاوێ رائەوەستێ و دەنوارێ. هەوەڵ کەس هەر وەها کە راکشاوە و ئۆخژن دێ بە لەشیا، دەستی لە ژێر سەری دائەنێ و ئەیکاتە کۆڵەکەی سەری. چاوی بە زانیار دەکەوێ.)

هەوەڵ کەس: زانیارێک( دووهەم کەس ئاوڕ ئەداتەوە) ئەیبینی؟

دووهەم کەس: ئەو ئێمە نابینێ.

هەوەڵ دەس: لەوساوە هاتووین تەنانەت لایەکی نەکردۆتەوە لێمان بڕوانێ.

دووهەم کەس: دەنگی چارەواکانی بیستووە. هەگە دەنگی ئێمەشی نەبیستبێ، دەنگی حیلکەی ئەسپەلانی هەر بیستووە.

هەوەڵ کەس: رەنگە ئەبێ بڕۆینە خزمەتی( هەڵدەستێ. هەر دووکیان بە ئەسپایی دەچنە پێشەوە. حەزیان لە گاڵتە و رابواردنە. تۆز و بایەک لە شاری وێرانەوە دێ. هەوەڵ کەس رادەوەستێ و پشتسەری خۆی ئەخورێنێ)

هەوەڵ کەس: ( بە دووهەم کەس) تۆ سڵاوت کرد؟ من بیستم سڵاوت کرد.

دووهەم کەس: هەگە بیستبێتت دیارە کردوومە.

هەوەڵ کەس: ( بەرانبەری زانیار رادەوەستێ) سڵاو کردن موستەحەببە و وەڵام دانەوەی واجێب. ( بە دووهەم هەس) تۆ وەڵامت بیست؟

دووهەم کەس: نا. بێدەنگە.

هەوەڵ کەس: نقە ناکا( بە زانیار) ئەهای ( بە گاڵتەوە) رەنگە مردو بێ.

( هەوەڵ کەس هەنبانەی زانیار دەدا بە دووهەم کەس و ئەو ئەیپشکنێ)

هەوەڵ کەس: رەنگە پێویستی بە دراو هەبێ. خۆ بە نەدار نواندن، پرچی درێژ، پیس، مێزەر و بەرگی چڵکن و دڕاو ( دووهەم کەس هیچی لە هەنبانەکەدا وەچنگ نەکەوتەوە) لە هەنبانەکەیشیا هیچ.

دووهەم کەس: ( هەنبانەکە فڕێ ئەدات) گەلێ بە حورمەتی ئێمە هەڵدەستن و ڕێز دەگرن.
هەوەڵ کەس: لێی ناگیرێ، کەسانی وەک ئەو لاقیان نیە لەسەری راوەستن.
دووهەم کەس: ئەهای ئێمە دەبینی؟ ئەو وەستای تیر و کەوانە و پیشەی من شمشێرە.
هەوەڵ کەس: تۆ دەترسێی، وەها نییە؟ کاتێ یەکێ لە ئێمە دەست بداتە شیر گشت کونە مشکیان لێ دەبێتە قەیسەری. بڕوانە ئەو شارە. ئێمە ژێرە و ژوورمان کرد. کاتێ تۆفانی ئێمەی لێ گوزەرا، چۆلەکە تیانەمابوو.
دووهەم کەس: ( بە پێکەنینەوە) بەم سەر شۆڕی و مل داکێشانە ئەگەشێمەوە.
هەوەڵ کەس: ( بە زانیار) درۆزن. ئێوە گشت بلّح و فێڵبازن. ئەمانە فڕ و فێڵە، درۆیە، بەزەیی کڕین، سواڵ کردن، ئەڵێی نا؟ هانێ( لە هەنبانەکەی خۆی نان دەردێنێ) تۆ ئەشێ برسیت بێ( نانەکە بەرەو رووی دەبات) مەی؟ یاخۆ دراوێ لە بۆ زگ تێر بوون؟ ئەتەوێ؟ زۆربەی ئێوە گوێ لە مستی دەنگی دراون، دە ئێستا گوێ گرە، دەنگی سەدان دراو.
دووهەم کەس: خۆ بەم پێ پەتیە رووتەڵەوە ماندوو مەکە. لە رۆژێکا سەری دەی وەک ئەومان ئەپەڕان. ( بە زانیار) تۆ لە دنیا وازت هێناوە یان دنیا لە تۆ؟
هەوەڵ کەس: ( پێدەکەنێ و بە دەور زانیاردا دەسوڕێتەوە) تۆ چ لە زانیاران دەزانی؟
دووهەم کەس: ناسی هەڵپەڕینی سەیریانم بیستووە، گوایە سەمایەکی سەرخۆشانەیە.
هەوەڵ کەس: ئەتوانین ئەو هەڵپەڕێنین؟
دووهەم کەس: ( بە تەوسەوە) ئەوان پێوەندییان بە دنیاوە نەماوە، وازیان لە دنیا هێناوە.
هەوەڵ کەس: ئەیانەوێ چی بسەلمێنن؟
دووهەم کەس: تێشکانی هەواو هەوەس، تێشکانی هانە هانەی شەیتان.
هەوەڵ کەس: ( دەست بە زگیەوە دەگرێ و قاقا پێدەکەنێ. لەسەر عەرز را دەکشێ و لاقەکانی بەرز ئەکاتەوە و لاقە فرتێ ئەکات. زانیار هەر بێ جووڵە و باسە. هەوەڵ کەس ناکاو راست ئەبێتەوە و بەرۆکی زانیار ئەگرێ) یەکێ بە منی گوت ئێوە بۆ شەڕ لە گەڵ دوژمنا شێوەیەکی تایبەتیتان هەیە. ئەو شێوە تایبەتە کامەیە؟
دووهەم کەس: گوێ شل دەکەین، بڵێ بزانین.
هەوەڵ کەس: ئەو شێوە تایبەتە کامەیە؟
دووهەم کەس: هەر بێدەنگە.
هەوەڵ کەس: بەڵام بێدەنگ نامێنێ.
دووهەم کەس: کام شێوەی تایبەت؟ شینی سەدی وەک ئەو نەبووە بەرگری لەشکری سەرکەوتوو. کاتی زەبر و زەنگ دۆعایان بە کوێ گەیی؟

هەوەڵ کەس: ( ئاڵۆز) بێدەنگە! ( واز لە زانیار ئەهێنێ و دوور ئەکەوێتەوە و پێچ لە خۆ ئەدات.)
دووهەم کەس: ( بە زانیار) وا نییە؟ راستم نەگووت؟ ( پشوویەک) ئەهای ئەم دارە چ دارێکە؟ ( گوێ هەڵدەخا، وەڵامێ نییە) رەنگە کەڕ بێ
هەوەڵ کەس: کوێر خۆ نییە.
دووهەم کەس: ( بە شێوەیەکی سەیر زگ دەرئەپەڕێنێ، مل درێژ ئەکاتەوە ، دەم لار ئەکاتەوە و هتد...) بزەیەکیشی نەگرت. ( مێزەرەکەی لا ئەبات و پرچی دەئاڵۆزێنێ) وا جوڵایەوە.
هەوەڵ کەس: ئەی چی؟ ئەیەوێ بڵێ ئێمە نابینێ؟
دووهەم کەس: ووسس! ( پێدەکەنێ، لەسەر خۆ و دڵۆڤان ناکاو زۆر گورجانە نووکی خەنجەرەکەی ئەنێتە سەر هەنیەی زانیار، رێک لە ناوەراستی هەردوو چاویا. زانیار رادەچڵەکێ. هەوەڵ کەس لە خۆشییا دەنەڕێنێ، بەڵام زانیار زۆر زوو دێتەوە بە خۆدا)
دووهەم کەس: هۆی
هەوەڵ کەس: ( تورە) بێدەنگیەکی دەست ئەنقەست.
دووهەم کەس: رەنگە لاڵ بێ.
هەوەڵ کەس: هەی نییە! ( شێتانە تیروکەوانەکەی هەڵدەگرێ)
دووهەم کەس: چ دەکەی؟
هەوەڵ کەس: ئەمە لە لای لووتیەوە تێپەڕ ئەبێ.
دووهەم کەس: هۆشت بێ.
هەوەڵ کەس: سەگێ کەمتر( تیر لە لای لووتی زانیارەوە تێ ئەپەڕێ. دووهەم کەس چاو دەقونجێنێ. هەوەڵ کەس تیرێکیتر دادەنێ) ئەمە لە لای گوێیەوە تێ ئەپەڕێ.( دووهەم کەس هەڵدێ و خۆ دەکاتە قەڵغان) کردەوەت دۆستانە نییە. واز بێنە.
هەوەڵ کەس: چۆن خۆی پێ رادەگیرێ؟
دووهەم کەس: ئێمە دۆستین( پشوو- بە زانیار) چ بووە؟ عارەقت کردە؟ ( سەر هەڵدێنێ و دەڕوانێتە ئاسمان) داخی- وانییە؟ ( دەسرەکەی ئەکا بە ئاوی کانیەکەدا و لە پشت ملی زانیاردا ئەیگوشێ. زانیار بۆ تاوێ تەزی پێدا دێ. بەڵام گورج بە خۆیدا دێتەوە. دووهەم کەس بەرانبەری دادەنیشێ. بە پەلی کڵاوە ئاسنینەکەی ختووی سەر و چاو و گیانی زانیار ئەدات)
دووهەم کەس: تۆ چلە کێشی، ئەبێ لە خەڵوەدا بی. نا؟ ئێجگار لاوازی. دڵنیام کە ئێشت پێ ناگات( هەڵدەستێ، بە نووکی چەکمەکەی سووک ئەدا بە کەلەکەی زانیاردا، زانیار نابزوێ، توندتر لێی ئەدات، توندتر، توندتر- زانیار ئەنوشتێتەوە) ئێی. نا . مەبەستم ئەمە نەبوو. هەر ویستم تاقیت بکەمەوە. ئێمە دۆستین. لایەنگری پێکەنین کە هەی، ها؟ ( ختووی ئەدات و خۆی پێدەکەنێ، زانیار بێ ئەوەی بزە بگرێت ئاو بە چاویا دێتە خوارەوە بەڵام دەنگی دەرنایەت. هەوەڵ کەس زۆر تورە کڵاوە ئاسنینەکەی خۆی ئەدا بە عەرزا.)

هەوەڵ کەس: وا خۆی گرتووە کە ئەڵێی هیچێ بۆ ئەو تەوفیر ناکات( دەست بۆ شیر دەبات) هەتا ئێستا کەس ئەوەن پەستی نەکردووم( دووهەم کەس بەر بە دەستی دەگرێ) ئەیەوێ بڵێ بوون و نەبوونی ئێمە وەک یەکە؟ ( خۆ لە دووهەم کەس دەرباز ئەکات و خۆ بە زانیار دەگەیێنێ) تۆ کابرایەکی لە کاروان جێ ماوی( لێی ئەدات) تویەکی وەها بێدەسەڵات خۆ بە چیتەوە را ئەدەی؟ هەژاری هەردەوێڵ!
( دووهەم کەس ئاوێنەیەکی دەرهێناوە، تیشکی تاو ئەخاتە ناو چاوی زانیار)
هەوەڵ کەس: پاڵەوانەکانتان پۆل پۆل بەزان، زانایان مەزنایەتی ئێمەیان کردە وێردی زبان. ئێمە خێڵی جەبەروت کە شمشێرەکەی بوومە لەرزەیە و بە ژەهری مار زاخاو دراوە. وەرە گۆ، دەم بکەرۆ، یانی سپای نەبەزی سەرکەوتوو لە دەستی نایەت تۆ بێنێتە گۆ؟
دووهەم کەس: گرێو ئەکەین، زینێ بە دوو چارەوا.
هەوەڵ کەس: ئەبێ هەوسارت کەم. یاڵڵا، سمکۆڵ کە ( لەسەر ملی دائەنیشێ) بناڵێنە، بپارێوە، بەرزتر، باش نەمبیست.
دووهەم کەس: دەنگێ نییە تا بیبیسی.
هەوەڵ کەس: مەیشارەوە، تۆ بە نهێنی وێرد ئەخوێنی. تۆ لە دڵتاگۆڕی مە هەڵدەکەنی. لە چ بیرێکدای کە وەها بێدەنگی؟ ( چاوەکانی زانیار سۆڵە سۆڵیانە، بەردەوام تیشکی تاو ئازاری ئەدات، لە پرچ و ریشیەوە دووکەڵ بەرز ئەبێتەوە. دووهەم کەس دەعبایەکی ناحەزی دیتووە)
دووهەم کەس: ئەڵێن جڕ و جانەوەرتان خۆش ئەوێ، هانێ، یەکێکە لە هاقەڵان.( دەعبای ناحەز دەخاتە ناو کراسەکەی زانیارەوە. زانیار رەنگ دۆڕاو پێچ ئەدا لە خۆ. ئەو دووانە پێدەکەنن و ئەدەن بە دەست و رانی خۆیانا. دەعبا لە هاتو چۆ دایە. زانیار ئێش و ئازار کەووی ئەکاتەوە. کراسەکەی ئەدڕێنێ و دەعبای ترساو دەر ئەپەڕێ و ئەڕوات.)
هەوەڵ کەس: ترسەنۆک! ( تف لە زانیار ئەکات) بڕوای تۆ لای من پەناباتێ ناکات.
دووهەم کەس: کام بڕوا؟ من ئەتووانم بە گێڕانەوەی باسێ بناخەی بیر و بڕوای تێک و مەسکەن دەم. ( ئەچێتە پێشەوە. لە پاڵ زانیار) لەگەڵ ژنانا بەینت چۆنە؟
هەوەڵ کەس: ( بە دڵەڕاوکێوە دەڕوانێتە سیمای زانیار) زۆر بە جێیە، زیاتر بڵێ.
دووهەم کەس: ژنانت پێ چۆنە؟ لایان لێ کردوویتەوە؟ باشترینیان. ئێمە ئێستا لەگەڵ یەکێ لەوانا بووین. تەمەنت بە فیڕۆ چووە هەگە هەروەها دانیشتبێتی. یانی هەستی تۆ ناورەژێنن؟ ( بە ئەسپایی لە هەنبانەکەیا کراسێکی ئاودامێنی ژنانە دەردێنێ. زانیار رەنگی دەبڕوسقێ) راست وایە. کراسی ژنێکە، ئێمە لە بەرمان داکەند. هێشتا بۆن و بەرامەی بەژنی ئەو ئەدات. ( ئەیهێنێ بە سەر و چاوی زانیاردا) بەژنێکی جوان و رێک و پێکی هەبوو. ملنەدانی زۆری

نەخایاند. منداڵەکەی لەو لاترەوە دەیزریکاند. هەڵبەت من بە بە لەقەیەک بێدەنگم کرد و ئیتر تەواو. جگە لەمە بەزمەکەمان هیچ کەمایەتیەکی نەبوو. ( هەوەڵ کەس بێتاقەتە، ئەنەڕێنێ و هوروژم دێنێ. دووهەم کەس پێشی پێ دەگرێ و دیسانەوە لە پاڵ گوێی زانیارا ئەڵێ) : ژنێکی سەرچڵ بوو. نەی ئەویست خۆی بە دەستەوە بدات. وەک گیانلەبەرێکی پێکیاو لاقە فرتێی ئەکرد، چەن جار چنگوڕی گرت. من ئێجگار کەیفم لە ژنی وایە.( بە هەوەڵ کەس) شوێن پەنجەکانی پیشان دە. ( زانیار ماوەیەکە ئەلەرزێ، هێدی فرمێسک ئەڕژێنێ، بەڵام بێدەنگە. هەوەڵ کەس شوێن پەنجەی ژنە لە سەرگۆنای خۆی ئەباتە پێشەوە)
هەوەڵ کەس: نایبینی؟ ( بێتاقەت بەرۆکی زانیار دەگرێ) کامەران ئێوەن. خەڵک دەستە دەستە دەمرن، دوژمن رووبارتان راوەستاوە و ئێوە هەروەها دانیشتوون.
دووهەم کەس: وڵام ناداتەوە، ناناڵێنێ، پێناکەنێ!
هەوەڵ کەس: ( ئەگۆڕێنێ) ئەو بە ددان بەجەرگانانی خۆ، سووکایەتی بە ئێمە دەکات ( وەک شێت هەڵدێ و قامچی هەڵدەگرێ، دووهەم کەس هەوڵ ئەدا پێشی پێ بگرێ.)
دووهەم کەس: ئەیتۆپێنی.
هەوەڵ کەس: ( بە قامچی لە زانیار ئەدات) لە بەرم زۆر گرانە، گەلحۆیەک، نەزان سەگێک! ( لێی ئەدات و ... زانیار چاوەکانی لێک دەنێ، ددانە چیرەیەتی. جل و بەرگەکەی دڕاوە، دووهەم کەس بەرە بەرە شێت ئەبێ.)
دووهەم کەس: ( بە پاڕانەوە) تاقە وشەیەک بڵێ، ووتەیەک جووڵەیەک، گریانێک، جنێوێک، ( وەڵامی نییە. هەوەڵ کەس هەناسەی سوار ئەبێ. دووهەم کەس ناکاو وەک شێت قامچی لە دەس هەوەڵ کەس ئەڕفێنێ و ئەگوڕێنێ و لە زانیار ئەدات. هەوەڵ کەس ماندووە و گشت گیانی نوقمی عارەق ئەدرێ بە عەرزا، زبان دەرئەکێشێ و بە مست لە عەرز ئەدات. خوێن لە پشت زانیارەوە چۆڕاوگە ئەبەستێ بەڵام هەر بێ جووڵەیە، ئەو سەرەڕای ئازار و خوێنێ کە بە هۆی قامچیەوە لە لەشی دەتکێ، بە بێدەنگی خۆ، خۆڕاگری دەسەلمێنێ. کەچی ئەو دووانە لە سنووری شێتی تێپەڕیون. ئێستا هەوەڵ کەس گوێی خۆی گرتووە کە نەڕەی دووهەم کەس نەبیسێ و بە گوڕە گوڕ بە دەور هەردووکیانا ئەسوڕێ، ئەنجام خۆی پێ ناگیرێ.)
هەوەڵ کەس: واز بێنە! ( قامچیەکە دەڕفێنێ) واز بێنە! ( دووهەم کەس هەناسە سوار ئەدرێ بە عەرزا) ناتوانی بڵێی هیچ رووی نەداوە. خوێن ، تۆ ئازارت پێ دەگات. ناتووانی بڵێی ئێمەت نەدیتووە. ئێمە چەکدارانی سەرکەوتووین. جەنگاوەرانی تەرخانی شەو بە ئاگا، کە لە ئێوە غوڵام و خۆ فرۆشی پێک هێنا. تاقە یەک وشە.
دووهەم کەس: ( ئەناڵێنێ) لە راونگەی ئەوەوە ئێمە پیاوکوژین.

هەوەڵ کەس: هەگە بیکوژین. رای ئەومان سەلماندووە. ( دووهەم کەس ناکاو رادە پەڕێ)
دووهەم کەس: وەک پیاو هەستە راوەستە با من و تۆ برێ یەک هەڵسوڕێنین . ئاگات لێیە؟ من و تۆ- تۆ! قسە لەگەڵ کێ ئەکەم؟ ئێوە هەرگیز نەتانوێراوە بە شەڕ بێن. هەرگیز روباری دوژمن رانەوەستاون. دەک داوەشێی. داڕزێی . ژیانت لە مستی ئێمە دایە. ناترسێی؟
هەوەڵ کەس: لە چی؟ لە مەرگ؟ هە... بۆ بترسێ ئەو کەسەی کە خۆی مەرگە.
دووهەم کەس: نا. ( ترساوە) ئێستا تێگەیشتم. کە وەها.
هەوەڵ کەس: چ بووە؟
دووهەم کەس: ئەو خەریکی ششەڕ لەگەڵ ئێمە دایە.
هەوەڵ کەس: بێ ئەوەی ببزوێ؟
دووهەم کەس: بێ ئەوەی ببزوێ. ئەو ئەیەوێ بمانترسێنێ، بە بێدەنگی.
هەوەڵ کەس: ( ترساوە) ترس؟ ئێمە و ترس؟
( هەردوو شیر هەڵدەکێشن. بە هەردوو دەست)
دووهەم کەس: بڕوانە، بزەی گرت.
هەوەڵ کەس: شیر هەڵکێشان لە عاستی پیاوی بێ چەکا؟( شیرەکەی ئەدا بە عەرزا، پیاوەتیەکەت کوا؟ ( خۆ ئەدا بە عەرزا، دەقروسکێنێ. بە مست خۆڵ بە خۆ دا ئەکات) ئەو بە ئازایەتی و پیاوەتی ئێمە پێدەکەنێ. ( دووهەم کەس ناکاو دوو شیرەکەی دەستی بە نەعرەتەوە فڕێ ئەدات، هەڵدێ، بەرۆکی زانیار ئەگرێ و بە سەر عرزا رایدەکێشێ.)
دووهەم کەس: لە دەستم دێ ئاوی ئەم کانیە بە خوێنت سوور کەم. ئەتووانم ئەوەن خۆڵ لە دەمت رۆکەم هەتا ئەخنکێی.( هەڵدێ، کەمەندەکەی ئەبەستێ بە لقی دارەکەوە) ئەتووانم هەر لێرەدا هەڵتواسم. هەروەها کە هەزارانم لە دار داوە. بەڵام بەر لە مردنت ئەبێ بێیتە گۆ. یاڵڵا بپاڕێرەوە، بۆ ژینت بکەوە لاڵاننەوە، بگری، یانی لە مردن ناترسی؟ ئەمە داری راستەوینەیە. ئەمە گوریسە، ئەمە گرێ، بڕوا ناکەی؟ بڕوانە( بازنەی گرێی تەناف ئەخاتە ملی خۆ و نەعرەتە ئەکێشێ) بڕوانە! ( خۆی ئەکا بە پەتەوە، گرێی گوریس توووند ئەبێ. ئەو دەست و پا لێ ئەدات. هەوەڵ کەس ترساو رێزاڵێ درەنگ بە خەنجێرەوە هەڵدێ و گوریس دەبڕێ. دووهەم کەس ئەدرێ بە عەرزا، بە زۆر هەناسەی بۆ دەکێشرێ. چنگ بە عەرزا ئەکات و گاز لە عەرز ئەگرێ. مستێ خاک و خۆڵی خواردووە، چوار دەست و پێ خۆ بۆ سەرکانی ئەخشێنێ. ئەکەوێتە ناو ئاوەکە و هەناسەی پیا نایەتەوە. هەوەڵ کەس زۆر ترساوو پاشگەز لاقی ئەگرێ و ئەیکێشێتە دەرەوە. بڕوا ناکات و لە خۆدا دەرمێ.)
هەوەڵ کەس: ئەو بە مەرگێکی شەرمسارانە مرد، ئەمویست چاوم نەبوایەت و شتی وام نەدیبایێ. ( بەکەف و کوڵەوە) تاوانی بە ئەستۆی تۆیە. ( شیر بە دەست هوروژم ئەبات، بەڵام ساردەوە ئەبێ) ئەمە یانی ئەوەی کە تۆ ئەوت

بەزاند( دەگری) تۆ ناتوانی ئەو ببەزێنی. ( بە ترسەوە دەکشێتەوە، رادەوەستێ، دەگوڕێنێ) ئەو بە مەرگێکی سووک و چرووکانە مرد. تۆی سەگیش هەر دانیشتووی. چتێ بنوێنە، هەر هیچ نەبێ شادی خۆت دەربڕە. ( دەنەڕێنێ) تۆ کەیفت کۆکە. وا نییە؟ ( لە سەر خۆ) یان پێیدا بڕوانە. یانی ئەوەندە ناهێنێ؟ ئەو چەکداری سەرکەوتوو بوو، نەبەزو دلێر. وەک خۆم ئەمە ئیتر چ بزەیەکە؟ وا لە گشت هەرێم و ناوچەیەک باس باسی سەرکەوتنی ئێمەیە. بەڵام تۆ سەرکەوتوو نابینی ( نەعرەتەیەک لێ دەدا) من لێرەم. بەرابنەر بە تۆ. ئەمە منم! بە خەنجێر ئەکوتێ بە سینگی خۆدا) من ( دیسان لە خۆ ئەداتەوە) منم! ( دیسان ئەکوتێ بە سینگیا) تۆ ناتووانی سەرکەوتوو بی. ناتووانی نەبەزێی، ناتووانی پیرۆز بی( هەناسەی سوار ئەبێ، بەرەو لای چارەواکان هەنگاو هەڵدەگرێ. چارەواکان هەڵدێن. رێ دەکەوێ. پاش یەک دوو هەنگاو ئەدرێ بە عەرزا و خنجێر هەتا دەسکەکەی ئەچێ بە زگیا. بێدەنگی. – با. حیلکەی ئەسپەکان لە دوورەوە)

( زانیار کە ئیتر بە جارێ تاواوەتەوە سەر هەڵدەبڕێ و بۆ یەکەم جار دەڕوانێتە تەرمەکان. ئەوسا نەرم و نیان لە ژوور سەریان دەست ئەکات بە سەما و هەڵپەڕینێکی سەیر و پڕ مەترسی.)

کۆتایی 1378/2/25 ی هەتاوی. سەقز

وەرگێڕ: عەبدوڵڵا راشدی

Filename: هه.doc
Directory: F:\Documents and Settings\xalid\My Documents
Template: F:\Documents and Settings\xalid\Application Data\Microsoft\Templates\Normal.dotm
Title: هەردەوێڵ
Subject:
Author: MRT
Keywords:
Comments:
Creation Date: 8/6/2009 6:29:00 AM
Change Number: 23
Last Saved On: 8/10/2009 1:19:00 AM
Last Saved By: MRT
Total Editing Time: 206 Minutes
Last Printed On: 3/22/2007 12:07:00 AM
As of Last Complete Printing
Number of Pages: 8
Number of Words: 2,256 (approx.)
Number of Characters: 12,861 (approx.)